# أنهار قارة أفريقيا



هەرێمەکانی ئاوو هەوا لە کشوەری ئەفریقیا

لە ئەنجامی ئەو هەموو هوکارانەی کە لە سلایدی پیشوو باس کرا کشوەرەکە دەکریتە 7 هەریمی ئاووهەوا :

1-هەرێمی کەمەرەیی :ئەم هەریمە دادەنریت بەیەکیك لە هەریمەکانی ئاووهەوای کیشوەری ئەفریقیا کە زۆر بەروونی دیاردەکەویت لە نیوان بازنەی 5 پلەی باکور و 5 پلەی باشوری کەمەرە .

2- هەرێمی خۆلگەیی: ئەم هەرێمە لەرووی دابەشبوونی دەکەوێتە باکوور و باشوری هەریمی کەمەرەیی .

3- هەریمی بیابانی گەرم : لە رووی دابەشبوونی ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکوری هەرێمی خولگەیی لەنێوە گوی باکورو وە باشووری هەریمی خولگەیی .

4- هەرێمی دەریای ناوەراست:لە رووی دابەشبوونی ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکوور(مغرب وجزائر وتونس) وباشوری کیشوەری ئەفریقیا(کیب تاون )،

5- هەرێمی ئەسیوبی: ئەم هەریمە دەکەوێتە بەرزاییەکانی رۆژهەلاتی ئەفریقیا( ئەسوبیا و کینیا و تەنزانیا و و ئوگەندا و روەندا )

6- (هەریمی ئاووهەوای فیلد) لەرووی دابەشبوونی دەکەوێتە باشوری کیشوەرەکە واتا هەرێمی فیلدی بەرز لە باشووری افریقیا

.

**هەرێمی رووەکە سەروشتیەکان وخاک لە کیشوەری ئەفریقا بریتی یە لە :**

1- **هەرێمی دارستانی کەمەرەیی** : لە هەرێمی کەمەریی هەموو فاکتەرک هەیە بۆ ژیانی رووەك کە پلەی گەرمای بەرزو بەردەوامە وبارانی زۆرە وبە بەردەوامی سالە، وشی بەرزە، ئەم جۆرە هەرێمە بەدەردەکەوێت لە ناوەراستی ئەفریقیا لە حەوزی روباری کونغو دەوروپشتی کەمەرەیی زەوی وولاتانی کامرون وکەناری عاج ونیجیر ومدغشقر وموزمبیق، دارەکان چرن وجۆراوجۆرن، رووەکە هەلۆاسراوەکان بە یەکیان دەبەستن. نموونە دارەکان(لاستیکی -کاکاو-ساج) هەمیشە سەوزن.

2- **هەرێمی گژوگیای ناوچەی گەرم (سافانا)**: لە هەرێمی ئاووهەوای خولگەیی کە بارانی رووەکە هەلۆاسراوەکان بە یەکیان دەبەستن. ،دریژی ئەم رووەکانە لە نێوان 3-4م دایە، وەچەند بەرەو باکور وباشور بچین چریەکەی کەمتر دەبێت وە دریژی کەمتردەبێت .لە سودان و موزمبیق و زامبیا و انگولا . **خاکی لاترایتە** :لاترایت بە مانای قۆر دێت رەنگی سوورە،.

3- **هەرێمی گژوگیای ناوچەی سارد(استبس)**: لە ناوچەی فیلد کە بریتی یە لە گژوگیای کورتە بۆ لەوەرگە زۆر بەسودە لە دوای باران بارین دەرۆیت دەمینیتەوە بۆ ماوەیەکی کورت. **خاکی رەش** : لەناوچەکانی دەشتە تەختایەکان بەدردەکەوێت رەنگی قاوەیی بەرەو رەشە.

**4- هەرێمی رووەکی  بیابان** : دەکەوێتە نێوان هیلی 18-30پلەی باکور و باشور ،دەکەویتە بیابانی گەوەری ئەفریقیا وبیابانی کلهاری شێوەی درکاوی خۆیان نیشان دەدەن بەهۆی ووشکی ناوچەکە . ئەم رووەکانە بەرگری سەختی ئەم ژینگەیە دەگرن بەهۆی خۆگونجاندنیان لەگەل دەوروبەر. **خاکی بیابان** : رەنگی خۆلە میشی یە ئەمەشیان لە ئەنجامی کەمی مادەی ئەندامی.

5--**هەرێمی دەریای ناوەراست** : ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکور وباشوری ئەفریقیا / دار بەشی سەرەکی ناوچەکە دادەپۆشی وە گژوگیا چری کەمترە لە دار ، وەدرختەکان هەمیشە سەوزن ،گرنگترین دارەکانی (فلین وسنوبر و ئسپیندار ، سندیان )وناوچەیەکی گونجاوە بۆ کشتوکال کردنی گەنم و جۆ . خاکە لە ناوچەی جیاجیا بەدی دەکرێت دەگرێتەوە بۆ فاکتەری دروست بونیان لە ناوچە بەرزاییەکان بەهیچ شیوەیەك خاك نابینریت بەهۆی رامالین ، ولە ناوچەدەشتاییەکانی مغریب بەرەنگی قاوەیی بەدەردەکەوی

6- **هەرێمی حبشە** : لەم ناوچەیە دارستانی ناوچە فینکەکان دەرویت بەتایبەتی لە ناوچە بەرزەکانی بانی حبشە کە بارانی زۆرە وگەرمی مام ناوەندە وجۆری دارەکان زۆر چر نین وەکو خاکی جۆری قاوەیە.

گرفتەکانی خاك لە کیشوەری ئەفریقیا

1- **گرفتی دروست نەبوونی خاك**

**2-زیاد بوونی رێژەی خویێ**

**3-قلشانی خاکە**

**سامانی ئاو لە کشوەری ئەفریقیا**
**ئاوی سەر رووی زەوی باشترین و زورترین سامانە کە لە کشوەرەکە بەدیاردەکەویت بە سیفەتی رووبار و دەریاچە**
**ا–رووبارەکانی کشوەری ئەفریقیا چەند سیفەتیکی هەیە**
1– 48٪ **رووباری ئەفریقیا رێژگەی دەریا و زەریاکانە (روباری دەرەکی یە ).**
2– 40٪ **لە روباری کیشوەرکە سەرچاوەیان دیارنیە .**
3– 12٪ **لە رووبەری کیشوەرکە ئاویان ناوخوییە کە ئاوی رووبارەکان دەبنە هوی دروست بوونی دەریاچەکان وەکو دەریاچەی تشاد یا گومەکان بەم شیوەیە (رووباری ناوەکیە ).**
**دەتوانین رووبارەکانی کیشوەری ئەفریقیا بە پێ ئاراستەی رێرەوەکەی بیکەین بە سێ بەش:**
**ا–رووبارەکانی دەرژێنە دەریای ناوەراست گرنگترین روبارەکانی نیل (نهر النیل ):** **کەدرێژترین رووباری ئفریقیا یە (7600کم)لە بانەکانی رۆژهەلاتی ئەفریقیا هەل دەقولین رووبارەکە لە باشور وە بەرەو باکور دەروات تادەرژێتە ناو دەریای ناوەراست،**
**ب –رووبارەکانی دەرژینە زەریای ئەتلەس:** **گرنگترین رووبارەکانی ئەم ناوچەیە رووباری(کونغو ،نیجر, فولتا ، سنغال، ئورانج)**
**ج– رووبارەکانی دەرژینە زەریای هیندی** : **ژمارەیەك لە رووبار لە خۆ دەگری (جوبا ،تانا ، زامبیزی).**
**- دەریاچەکان**
**زۆربەی دەریاچەکان جیگیر بوونە لە رۆژهەلاتی کیشوەرکە کەبریتی یە لەدەریاچەی درێژ و گەورە وقوولە ، وە لە کوی** 14 **دەریاچە** 8 **لەم دەریاچانە لە ناو دولی شکاوی ئەفریقیای مەزنە ، وە دریژایی ئەم دەریاچانە لەنێوان** 480–640 **کم گرینگترینی ( فکتوریا و تەنجانیقا و مالاوی و تورکانا و ئیدوارد و کیفو وئەلبرت**